# سەدام کارتی سەوزی بۆ بایخی بوش

## ئارێس زارعی

ئەم نوسراوە کە لە بەر دەستان دایە ئێستا، بە قەلەمی بە پێزی زوهرە سەحەرخیز تەنزیم و نوسراوە کە وەک هەمیشە پێک هاتوە لە کۆمەلێک بەڵگە و فاکتی پشت راست بە بەڵگەگەلی مێژوییە. گرنگی ئەم بابەتە و لە جێ دابونی هانی دام تا هەر چەند بە کاتی کەم کە بە دەستمەوە هەیە ئەم رۆژانە، وە شایەدیش نوقسان و هەلەگەلێکی بێت لە بەر خاتری پەلە کردن و کەم وەختی، بەلام بەم حالەش بە باشم زانی وەریگێرمەوە بۆ سەر زمانی کوردی ،تاکو هەمو کورد زمانان، بە تایبەت لە ئیراق و ئیران ئیستفادەی لێ بکەن. ناوی خۆی ژوکێر یا جۆکیرە، بەلام من ناوی سەرەوەم بۆ هەڵبژاردوە. شتێکیتریش ئەوەیە کە من ئازاد تەرجەمەم کرودوە و لە هێندێک شوێنیش بۆجونی خۆشمێم لێ زیاد کردوە، بەلام ناوەرۆکی ومەبەستیم نەگۆریوە.

*شاهیدی پە نتاگۆن بە قازانجی سە دام

سوپرایزی مانگی نوامبرNovember Surprise که ئەو هەمو هەڵایەی لە سەر بو(وە حاکمەکان و دەستگای پروپاگەندەی مێدیاییان موژدە ی دە دا) هێرش کردنە سەر ئێران نەبو بەخۆشیەوە، حوکم دان بە سەدام بوو، هەر چەندە سورپریزیش نەبو.! No Surprise



بۆ ئەوە کە لیێان بوێن وەک ئەکتەرانی ئەم تەسویرە مەجازیە بە کار یان هینان.وێنەیەکی ئیزن دراو، که دەبێت بۆ ئاسۆی بە هیوا و تێکشکان و دۆران بە سەرکەوتن لە قەڵەم بدات و نیشانی بدات.

در حقیقت همان روز انتشار خبر، دیروز 5 نوامبر، وقتی رسانه ها خبر حکم صدام را همراه با فریاد مصنوعی تحسین و تمجید ,رهبران جهان, منتشر کردند که از فرارسیدن یک ,نقطه عطف نوین, در تاریخ ,عراق نوین,، و کفایت حکومت عراق و, Sovereignty, این دولت بی اختیار خبر میداند، و خبرها، بلافاصله مدیا ماترز [ Media Matters for America] که انطباق مطالب رسانه های آمریکا با اصول روزنامه نگاری را نگهبانی میکند، این سوال را پیش گذاشت آیا:" انتشار تاریخ صدور حکم به منظور حداکثر بهره برداری سیاسی" برای دولت و کنگره آمریکا صورت نگرفته است."

لە راستیدا هەر ئەو رۆژە، 5ی نوامبر، کاتێ کە راگەیەنەرەکان هە والی حوکمی سەدامیان هاوکات لەگەل هاواری سەر مەستانە مەسنوعی پێ هەلدا گوتن و بارەکەڵای،" رابەرانی دونیایان"، راگەیاند کە لە رێوە هاتنی یەک،" نوقتە عەتفی تازە" لە مێژوی"، ئێراقی نوێ"، و کیفایەتی حکومەتی ئێراق و، sovereignty ، ئەم دەولەتە بێ دەسەڵاتە هەوالیان دەدا، وە هەوالەکان دەم و دەست مێدیا ماتیرز[Media Matters for America] کە چاوەدێری رێک هاتنەوەی بابەتەکانی راگەیەنەرەکانی ئەمریکا لە گەل ئوسولی رۆژنامە نیگاری دەکات، ئەم پرسیارەی هێنا گۆرێ ئایە:" بلاو کرنەوەی رێکەوتی پیادە کردنی حوکم،سدام،و. بە مەنزوری زۆرترین بەهرە و کەڵک وەرگرتنی سیاسی" بۆ دەوڵەت و کۆنگرەی ئەمریکا پێک نە هاتوە.؟"

رابێرت فیکس رۆژنامە نگاری ئینگلیسی ش لە دواترین نوسراوەی خۆیدا دەڵی حەوتوی رابوردو کار بە

دەستانی ئیراق گوتیان ئەمریکایەکان پێ دادەگرن لە سەر ئەوە کە دەبێ راگەیاندنی سەزای سەدام بەر لە هەڵبژاردنە میانیەکانی نوامبری،ئەمریکا،و. ئاشکرا بکریت. سادر کرنی سەزای سەدام کە قەرار وابو رۆژی 17ی ئۆکتوبر رابگیەندرێت، تا 5ی نوامبر  دوا خرا، واتا دوو رۆژی مابو بۆ هەڵبژاردنە میان دەورەیەکانی ئەمریکا کە رایان گەیاند."ئایە سادر کردنی سەزای سەدام کاری گەری دەبێت لە سەر هەڵبژاردنەکان"؟ ئەم پرسیارە لە بەر دەم تۆنی سنۆ قسەکەری کۆشکی سپی داندرا و ئەویش وەلامی داوە:"بێ گومان حەقتان بە دەستە، ئەمە دەلیل دەبێت بۆ {کاریگەر} دەبێت"، ئەڵبەتە ئەوەشی شی کردەوە کە بە هۆی ئەوە کە راگەیاندنی ئەو حوکمە کە دەتوانێت نیشان دەری ئەوە بێت کە" حوکومەتی ئێراق بەو جۆرە کە پرێزیدێنت{بۆۆش} گوتویەتی دەتوانێت بە تەنهای خۆی دەسەڵات و ئیدارەی وەلات بە دەستەوە بگرێت.

قسەکانی سنو کەمترین شت کە نیشانی دەدات، ئەوەیە کە کۆشکی سپی حەز دەکات بلاو کردنەوەی ئەو سەزایە بارو دۆخی ئێراق بەو جۆرە دەرواتە بەرەوە کە "پریزیدێنت" گوت بوی، جا ئەی ئەو خەلکانەی کە دەنگ دەدەن سەرنج بدەن کە، هێرشی ئێمە بە بۆ بە هۆی ئەوە کە یەک دیکتاتۆر بە سەزای خۆی بگات و لە جێگاشی یەک دەولەتی"سەربەخۆ"و "دێموکرات"و زاڵ بە سەر چارەنوسی" خۆی دانرا کە ئیش و کاری ئێراق بە دەستەوە دەگرێت و سەربازە ئەمریکایەکانیش "کەم کەم و هێدی هێدی"  بە ،ئالاکانی، سەرکەوتن دەگەرێنەوە بۆ وڵات!

ئەڵبەتە ئەوە تەنها یەک درۆی سادەی هەلبژاردن نیە، بەلکو بە قەولی پاتریک کابرن هەواڵ نێری ئیندینپێندنت ئەم جۆرە ئاوەژو نیشان دانی راستیەکانی ئیراق  بەبەر چاوی کۆمەڵگا تا ئاستی جنایاتێکی بێ سنور چووە کە مەرگی سەدان هەزار ئێراقی وە هەر وەها خودی ئەمریکایە کان و ئینگلیسیەکان لە ژێر ئەم پەردەیەدا ئەنجام دراوە.

ئەو مەسەلە کە ئایە راگەیاندنی حوکمی سەدام دوو رۆژ بەر لە هەڵبژاردنەکان دەتوانێت لە سەر هەڵبژاردنە کان کاریگەری هەبێت یا نا، پرسیارێک کە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەو دەبێت چاوەرێی نەتیجەی هەڵبژاردنەکە بین.بەلام لە هەر حالدا بەرێوە بەرانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پارتی کۆنسەرواتیوی ئەمریکا لە هەر کەس لەم رابتەدا خبرەترن،وە ئیحتیمالەن هەڵسەنگاندنی پۆزیتیڤیان بۆ کاریگەر بونی لە سەر دەنگدانەکان هەبوە.
زیر نور معاینە قرار دادە اند، یا با پای بستە در زنجیر در دادگاە و حالا با القاء تصویر او بر چوبە دار. گویا سرنوشت او این بود کە بە میل یاعلیرغم میل خود در خدمت حاکمان کاخ سفید و پنتاگون باشد، چە بعد از کودتا علیە قاسم در عراق کە شایع بود در همان زمان سیا روی او کار میکرد، چە وقتی بە ایران حملە کرد و زمینە را برای تدارک بزرگ نظامی یە قصد تبدیل خاورمیانە بە پادگان نظامی آمریکا فراهم نمود، چە وقتی بە کویت حملە ک درد تا نطفە ای کە خانم کندولیزا رایس منتظر زایمان آن است بستە شود و بعد هم کە حملە بە حکومت خود او بود کە عملیات وضع حمل با آن آغاز شد و سفاکی رژیم او بهانە خوبی بود برای پوشش دادن بە این لشگرکشی.

لە هەر حاڵدا سەدام لە سەردەمی روخانیەوە رۆڵی کارتی جۆکێری بۆ بوش گێراوە و دایم لە نالەبارترین بارودۆخدا لە شوێنێکەوە قوت بۆتوەو شین بووە:لە قوڵکەیک دا لە تکریت لە کاتێکدا کە شەویلەیان لە ژێر شۆقی فەحس گرتوە، یان بە لاقی زنجیر کراو لە "دادگا"و#.  وە ئێستاش بە سادر کرنی سەزای لە دار دان. دەڵێی چارەنوسی ئەو ئەوە بووە کە بە پێخوش بونی خۆی یا خود عەکسی ئەوە لە خزمەت دەسەڵات دارانی کۆشکی سپی و پەنتاگۆن دا بێت. چ دوای کودەتا بە دژی قاسم لە ئێراق

له ئەو سەردەم دا وا باس ئەکرا کە هەر لەو کاتەوە سیا کاری لە سەر دەکرد، چ ئەو کات هێرشی بردە سەر ئێران و زەمینە و بەهانەی بۆ تەداروک و لشکر کێشی گەورەی نیزامی ئەمریکای بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست رەخساند، ئەم ناوچەی کردە پادگانی نیزامی ئەمریکا، چ کاتێک کە لشکر کێشی کرد بۆ سەر کوەیت تاکو هەلێک کە کوندۆلیزا رایس خۆی بۆ مەلۆس دابو برەخسێت و دوایەش هێرش بردنە سەر حکومەتەکەی خۆیی ئەو بە بیانو گەلی جوراوجۆر ودرۆین و پوچەوە،و.
بۆ لە سەر هەلەبجە ناو، بە خاتری هەلەبجە نا؟

حەقیقەت ئەوەیە کە سەدام تایبەتەن بە دژی خەلکەکەی خۆی زۆر زیاتر لەوە جنیایەتی کردوە کە بەرنامە پروپاگەندەیەکانی ئەمریکا باسی لێوە دەکەن و بەر چاوی دەخەن. ئەو پروپاگەندەیە زیاتر گوڵ بژێر کراوە وە بە جۆرێکە کە بێ بەزیی تاکی یەک دیکتاتور بە مەبەستی کار تێکردنی کاتی لە سەر بیرو رای گشتی نمایش بدەن، نە زیاتر. سەدام لە دەرخۆنە بە سەر کردن و ژێر چاڵ کردنی ئاوات وخەونەکانی خەلکی ئیراق دوای دارمانی سیستەمی پاشاییەتی وە هەر وەها لە زاڵ کردنی رەوت و دۆخێ کۆنەپەرستی لە رۆژهەلاتی ناوەراست رۆلی گرنگی گێراوە. بە داخەوە سەدام هیچ کات بە راستی دادگایی و موحاکمە نەکرا.

ئەگەر بێ دادگاییەک کە رژیمی ئیسلامی ئیران بۆ پوش بە سەر کردنی دۆسیەی کوشتنی درندانەی زارا کازمی پێکی هێنا بتوانین ناوی دادگای لێ بنێین، ئەوە ئەو شانۆگەریە شەرم ئاوەرەش کە بە ناو دادگای سەدام ساز کراوە، دەتوانین مەحکەمی ناو لێ بنێین. جینایەتکارانی حاکمی ئیران ئەوەیان لە بەر چاوە، شایەد هەر بەو هۆیە بێت کە ئامادەن لە هەراو هوریای موناقشەی ناووەکی دا لە گەڵ ئەمریکا ،هاودەستی، بکەن، بەلام هەر ئەوەندە سەر و کاریان نەگاتە بەر دەم دادگای راستی خەلک قەی ناکات.
ئەمریکا نە دەیەویست و نە دەشی توانی سەدام بداتە دەست دادگایەکی نێونەتەوەی. نە بە خاتر ئەوە کە دادگاکانی نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی تەواو لە ژێر کاریگەری زل هیزەکان دانین. بەلام سەرەرای جیاوازی ئاشکرا و بێ گومانی دادگا نێونتەوەیەکان لە گەل دەستگایەک کە لە ژێر کۆنترۆڵ و سەیتەرەی راستەوخۆی ئەرتەشی ئەمریکا و سیا لە ئیراق دایەو لە سەر کارە، جینایەتەکانی سەدام لە گەڵ سیاسەتی ئەمریکا و دەولەتانی زل هێزی تری دونیا بە جۆرێک ئاوێتە بووە و لێک گرێدراون کە بە هیچ لەون و کەلەک و فێلێک ناتواندرێت لێک هەلناوێردرێتەوە.

هەتا لەم دادگا ئێراقییەش دا، رۆژێک کە سەدام تاوانی قەتلی عامی هەلەبجەی بە گازی شیمیایی حاشا لێ کرد و گوتی هەوالەکەی لە رۆژنامەکان خوێندۆتەوە، لە رۆژ ئاوا نوسیان کە سەدام دەتوانێت بۆ، سابیتی، کردنی و سەلماندنی ،ئەم ئیدیعایەی خۆی داوا بکات لە دادگا کە، کار بە دەستێکی{مائمور}سیا، کە لەم پەیوەندیەدا بە عامی ئاشکرا لە راگەینەرە گشتیەکاندا شاهیدی داوە، وەک شاهید بانگ هێشتی داداگای بکات.

قەزیە بەم شێوەیە بو، کە کار بەدەستیکی پایە بەرزی سازمانی سیا بە ناوی Stephen C. Pelletiere،مام وەستای،مودەریسی، کۆلیژی شەری ئەرتەشی ئەمریکایە لە میانەی 1988و2000 و ئەنالیزەگەری بالای سیا بوو لە پەیوەندی لە گەل جەنگی ئیران و ئیراق دا، لە 31 ژانەویەی 2004 لە نیویورک تایمز دا زانیاری گەلی سەرنج راکێشی بلاو کردەوە.

ئەو لە نوسراوەکەی خۆیدا رایگەیاند کە، ئاژانسی ،دەستگای، موخابەراتی،زانیاری، وەزارەتی بەرگری

United States Defence Intelligence Agency راپۆرتێکی ناو خۆیی بۆ ئاگادری ئەندامانی خۆی دایە دەر کە لەودا حاسلی کوشتاری درندانەی هەزاران کورد بە گازی شیمیایی لە مارسی 1988 ی تیدا بەیان کرابو. لەو راپۆرتە دا هاتبو کە لێکۆلینەوەکان نیشان دەدەن کە لەوانەیە ئەم کوشتارە کاری ئیران بێت نەک ئیراق.
بەپێی نوسراوەی ئەم کاربەدەستا پایەبەرزەی سیا، راپۆرتی پەنتاگۆن زۆر وورد لم بابەتوە دواوەو نوسیبوی کە کار و لێکۆلینەوە لەسەر تەرمەکان نیشان دەدات کە قوربانییان بە گازی سیانید کوژراون وە ئەوە ئەرتەشی ئیرانە کە لەم گازەی هەیە. لە حالێکدا ئەرتەشی سەدام لە کاتی شەردا لە گازی خەردەل کەلک وەر دەگرێت.

رابێرت فیکس لەو رۆژانە کە ئەمریکا خەریکی تەرتیب دانی هێرش بۆ ئیراق بو، نوسی کە راپۆرتی کاربە دەستانی پەنتاگۆن بو بە ئەساس وبن چینەیەک بۆ "دزە"،کردنی "هەواڵ" بۆ راگەیەنە گشتیەکان و خەت و جەهەت دان بە سیاسەتی ئەمریکا لە پەیوەندی لەگەل قەتلی عامی هەلەبجە.
بەم جۆرە پەنتاگۆن نە تەنها بە شێوەی ناراستەوخۆ بۆ لابردنی تاوان لە سەر سەدام لە پەوەندی لە گەل جینایەتی هەلەبجە سپەر و بەلاوەگێری بۆ ساز کرد، بگرە پاش ئەم کۆمەل کوژی و تراژیدیایە بەر دەوام دەولەتانی ئەمریکا وئینگلیس بە فرۆشی چەکە شیمیاییەکانی خۆیانیان زیاد کرد، لە حالیکدا هەر ئەم چکانە لە لە شەر ئیران و ئیراق لە هەلەبجە و ئیران بە کار هاتن و گیانی هەزاران کە سی کردە قوربانی، تەماع کاری و سود خۆری ئەم حاکمە شەرعیانەی دۆستی دوێنێیان و "دیکتاتۆری"ئەمری ئەم دو زل هێزە، بەڵێ ئەوەیە هەدیە و نەعمەتی ئەم دەهۆڵ کوتانەی "دێموکراسی"و ئازادی"و عەدالەت"و. ئەم واقعیەتە لە سالی 1996 لە جەرەیانی مەلەفێکی،پروەندە، بە پر هەراو و سکاندال دا بە فەرمی پشت راست کارایەوە و تائید کرا.

مەلەفی جەنجالی سازکەری ناو براو سەر بە کۆمپانیایا شرکەتی،ماتریکس چرچیل، بو کە چەکی بە ئیراق فرۆشت بو لە سەردەمی گەمارۆکەی،تحریم، ئیراق دا. بۆ لێ کۆلینەوە لەم پەروەندەیە کومیتەک،لیژنە،ساز بۆ بە ناو سکات.لورد جاستیس سکات، سەرۆکی ئەم کومیتە،و. لە راپۆرتی ئەم کومیتەدا تائیدی کردکە هەم ئەمریکا و هەم ئینگلیس دوای جینوسایدەکەی هەلەبجە ریژەی فروشتنی چەکە شیمیاییەکانیان بە ئیراق زیادتر کردوە.

کومیتەی ناو براو وورده و نەهێنی کاری زیاتری لە پەیوەندی لە گەل فروشتنی چەکی شیمیایی بە سەدام دوای هەلەبجە خستە سەر بەرە. لەوانە وەزیری دەرەوەی ئەو سەردەمی ئینگلیس جفری هاو نوسیبوی: کۆتایی شەری ئیران و ئیراق دەتوانێت، هەل و فورسەتێکی عەزیم بێت بۆ پێشە سازی و سەنایعی ئینگلیس، تا هەناردەی،سادرات، چەک و چۆلی ئینگلیسی زیاتر بکن. بلام ئەو نەیدەویست مەسئلەکە ئاشکرا بێت. کار بە دەستیکی پایە بەرزی دەولەتی ئینگلیس بە کومیتەی سکاتی گوت بوو وەزیرێ دەرەوە باوەری وابو ئاشکرا بونی ئەم سیاسەتە" کاتێک زوو دوای ئەوە کە رەفتار لە گەل کوردەکان[قەتلی عامی ئەوان بە گازی شیمیایی]، تورەیی خەلکی هەلخراند، لەوانەیە قێزیون بە نەزەر بگات، ئیمە دەبێ رێگایەکی، شاراوە و نەرم ،بۆ فرۆشتنی چەکەکانمان بدۆزینەوە.
لرد سکات ئەم سیاسەتەی دەولەتی ئینگلیس و نەهێنی هێشتنەوەی ئەم سیاسەتە لە پارلەمان و خەلکی ئینگلیسی لە راپۆرتەکی خۆیدا شەرمەزار و رسوا کرد بوو. ماوەیەک دوای روداوی هەلەبجە، وەلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش سادرکاردن(فرۆشتن بە دەرەوە،و.) چەکی بیولوژیک،لە ژیر ناوی چاندنی

ویروس، پەسەند کرد و یەک گرێ بەستی(قەرارداد) یەک میلیارد دۆلاری بۆ تەراحی و نەخشە کێشانی ساختومانی(ستروکتور) تاسیساتی پتروشیمی بە مەبەستی بەرهەم هێنانی گازی خەردەڵ لە گەل دەولەتی سەدام مۆر کرد.
رابێرت فیکس لە ئاخرین مەقالەی خۆی کە بە بۆنەی راگەیاندنی حوکمی سەدام لیستێکی دەقیقتری لە چەکە بیولۆژیک و کیمیایەکان کە ئەمریکا و ئینگلیستان دوای بەسەر هاتی هەڵەبجە لە ئیختیار سەدامیان ناوە ریز کردوە، وە سەرنج رادەکێشیت کە بە خاتر ئەمە بو کە ئەمریکا پیی دا ئەگرت لە سەر ئەوە کە موحاکمەی جنایەت لە رابتە لەگەل شیعەکان کە کمتر و بەر تەسکتر لە روداوەکەی هەڵەبجە بو بکەویتە پێش محاکمەی لە سەر جنایەتی هەلەبجە کە کۆشتاری بە کۆمەڵی شارێک بو وە بەم جۆرە کاری دادگایی کردن بەمە کۆتای بێت.
لیستێک کە فیکس لە ئیختیار ئێمەی داناوە، ئاوایە:
هێندێک لەو چەکە شیمیایانەی کە ئەمریکا بە سەدامی داون ئەمانەن: باسیلوس آنتراکس، کە گازی آنتراکس لەو دروست دەبێت، کلستریدیوم بوتولینوم، هیستوپلاسما کپسولاتوم،بروسلا ملیتنسیس، کلستریدیوم پر فرینجس وە ئەسکریشیا کولی.
هێندێک لەو چەکە شیمییایانەی کە بریتانیا بە سەدامی داون ئەمانەن: 200,000 پوند تیوئید گلیکول، یەکێک لە تێکەڵ کراو مەخلوتی گازی خەردەلە کە لە سالی 1988 نێردراوە، برِی 50000 دۆلاری تر هەر لەم مادەیە لە سالی 1989، 26000 پۆند گازی تیونیل کلراید بۆ دروست کردنی مرەکەبیش(جەوهەر) دەتوانێت کەلکی لێ وەرگیرێت ،ئەمەش لە سالی 1988 دا بوە.
رابێرت فیکس دەلێ هەر لەو سالانەدا دەیویست ئەوە کە خۆی بە چاوی خۆی بینیبوی لە سەر موشاهیدات و عەوارزی ژەهراوی بە شیمیایی وە برین و کۆخەی خوێناوی قۆربانیانی کورد و ئیرانی بە کاربەدەستانی ئەمریکایی و ئینگلیسی بلێت، بەلأم کەس گوێی بۆ نەدەگرت.
سروشتیە کە ئەگەر سەدام حسێن لە دادگایەکی نێونەتەوەیی محاکەمە بکرایە، دیزە بە دەرخۆنە کردنی (سەر پۆش لە سەر دانانی) ئەگەریش مومکین بوایە، ئاسان نەدەبوو. ئەوەندە بەس بو کە سەدام هەر ئەو کاربەدەتە پایەبەرزەی سیای بە شاهید بگرتایە. ئەڵبەتە هیچ کاربەدەستێک بۆ شاهیدی دان بۆ دادگا نەدەچو، وەلی ئاسان نەبوو خامۆش کردنی راگەیەنەرەکانی تونی هەواڵی هەلاو و هەیەجان بەر ئەنگێز .

. هاودەستانی سەدام کە بە تەنها ئەمریکاو ئینگلیس نەبون، بۆ حەلی/ قەزیەی موحاکەمەی سەدام/ واتە هەلأتن لە بەر محاکەمەی واقیعی سەدام، پێویستیان بە رژیمێکی بێ دەسەلأت بوو کە لە ژێر کۆنتۆلی ئەشغال وە "دادگا"ییەک کە لە ژێر دەسەلاتی ئەو دابێت، کە بە وتەی رابێرت فیکس ئیجازە بە سەدام نەدات کە نێوێک لە دۆستی خۆی رامسفێلد و فرۆشی گازهای شیمیایی و باقی چەکەکان و یارمەتیەکانی تری کە بە سەادامیان کردوە بێنیت. هەتا هەر لەم جۆرە دادگاییەشادا قازی گەلێک بە نارزایەتی نیشان و بە ئیعتراز بە دەست تێوەردانی ئەمریکا لە وردەکاری بەریوەبەری وە هەتا لە تەرزی قسە کردنی تەرەف وازیان هێناو دەستیان لە کار کێشایەوە.

ئەمە گاڵتەجار و دیتەنیە کە دروست ئەم دادگا وابەستەیە لە تەسویر و شانۆیەکی مەجازی دا بە عینوانی ئامرازێک بۆ نمایشی سەربەخۆیی و کیفایەتی دەولەتی بێ کیفایەتی ئیراق بە کار بهێندریت. ئیراق بە شێوەیەکی گشتی و لە کولیەتی خۆی دا، بە هەمو حەشیمەت وە هەمو فەجایعە و تراژیدیەکانیەوە کە لە ناوی دا دەگوزەرێ، لە حالی حازر بۆ هەر دوو حیزبی ئەمریک یەک مۆرەی کایەی هەڵبژاردنەکانە. ئیستاکە دەستگای پروپاگەندەی رژیمی ئیسلامی ئیران و رەهبەرانی شیعە نزیک

له ئەو له ئیراق و جەلال تالەبانی و دۆستانی ئەویش لەم پروپاگەنه و تەبلیغاتەدا یاریدەی بوش دەکەن. ئەڵبەته هەر یەک لەوانه بەرژەوەندی و منافعی خۆی له بەر چاوه و ه بەم کار هەوڵ دەدەن شوێن پیی خۆیان بۆ پرۆسه و مەرحەلەی داهاتوی ئەم کایه شوم و جینایەتکارانەیه که ئەساسەن له سەر بێ ماف کردنی خۆی ئیراقیەکانه توند و تۆڵ بکەن.

ئەما شانۆگەری و تەسویری مەجازی هەر کاریگەریەکی بیت له سەر هەلژاردنەکانی ئەمریکا، راستی و واقعیەت له ئیراق ناگۆرێت. هەر بەو جۆره که پاتریک کابرن، باسی کردوه\رۆژه گەورەکانی\له ژیانی\ئیراقی نوێ دا\ زۆر بوون: نوقته عەتفی کەلەپچه کردنی سەدام له 2003دا، نوقته عەتفی ئەعادەی مافی دەسەلات و حاکمیەت ب خۆی ئیراقیەکان و ئەستاندنەوەی فەلوجه له سالی 2004دا، نوقاتی عەتف له هەڵبژاردنەکان، رێفراندۆمی دەستوری ئیراق.(قانونی ئەساسی) بەڵێن وابو ئەم نوقته عەتفانه به زوویی درەوشانەوەی دێموکراسی و گەشه و پێشرەفتمان پێشان بدەن، بەلام هەی هات، نیشان دانی دانه دانەی ئەمانه به مەبەستی ئاوەژو نیشان دانی راستیەکان بوەو دوای هەر کام لەم شانۆ و فیلمانه باردۆخ ترادژیتر و خراب تر بووه.

\رۆژانێکی گەوره\، شکۆدار و عەزیم و پر له هەڵا و تێکەڵ به قسه و باسی"کاربه دەستان"له راگەیەنەرەکان نمایش درا، بەلام راپۆرتیک له درۆ بۆنی ئەوان نەدرا. ئێستا ئیتر لا "کۆتایی ئیراق" قسه دەکرێت و شایەدیش "جۆکەریش"(کارتی کایه که بۆ زۆر شوێن و کای دەخوا.و)ئاخرین رۆڵی خۆی کایه بکات.
پاتریک کابرن دەنوسێد :"هێمای خەیالی که ئاغایان بوش و بلێر دروستیان کرد بوو، ئیستا ئیتر بۆته بڵقی سەر ئاو و حەیان بووه. گوندی پوتەمکین که ئەوان سازیان کردبو تاکو بیرو رای گشتی به لارێ دا بەرن، سەرئەنجام ئێستا وا کەوتۆته ناو مەشغەڵی ئاگرەوه و دەسوتێت.

" بەڵام تازه بۆ ئەو ئیراقی و ئەمریکایی و ئینگلیس یانه که گیانیان بەخت کردوه درەنگ بووه.بێ ئەوه که خۆیان حەزیان لێ بێت له ئەوان وەک ئاکتەر و بازیگەرانی ئەم تەسویره مەجازیه کەلکیان لێوەرگرتن.تەسویری مەجازی که کۆشکی سپی و داونینگ ستریت به دیقەت دایاندەهێنا(ئیختراع) .وێنەیەکی ئیزن دراو، که دەبێت بێ ئاسۆیی به هیوا و تێکشکان و دۆران به سەرکەوتن له قەڵەم بدات و بناسێنێت.

---

تام انگلهارد

http://www.thenation.com/blogs/notion?pid=136878

رابرت فیسک

ItemID=11348&http://www.zmag.org/content/showarticle.cfm?SectionID=15

پاتریک کابرن هەواڵ نێری رۆژنامه ئیندیپندنت

http://www.counterpunch.org/patrick11052006.html

17 آبان 1385